## خانمە ئەکتەری ناوداری مەغریبی ماجدە زبیگە:

# هیوادارم ساڵ دوای ساڵ فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ بەرەو پێش بچێت

**ماجیدە زبیگە، یەکێکە لەو خانمە ئەکتەرە ناسراوانەی وڵاتی مەغریب، کە سەرکەوتنێکی زۆری لە بواری نواندن لە سینەما و شانۆدا تۆمار کردووە، یەکێکە لە بەشداربووانی شەشەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ، لەم هەڤپەیڤینەدا باس لە رەوشی سینەما لە وڵاتی مەغریب دەکات.**

*** وەك خانمە ئەکتەرێك چۆن دەڕوانیتە فیستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتیی هەولێر؟**

- من دەمێکە چاودێریی فیستیڤاڵی شانۆی هەولێر دەکەم، بە شانۆگەریی (فەیس تو فویس) بەشداریم لەو فیستیڤاڵەدا کردووە، حەز دەکەم رۆژ دوای رۆژ ئەم فیستیڤاڵە بەرەو پێش بچێت، زۆر گرنگە تێکەڵیی کولتوور و هونەری لە نێوان نەتەوەکانی دیکەی جیهاندا هەبێت، چونکە هەر لە رێگەی هونەرەوە ئاشنای کولتوور و فەرهەنگی یەکدی دەبین، بەخۆشحاڵییەوە یەکێك دەبین لە بەشداربووانی ئەم فیستیڤاڵە.

*** بینەری سینەما لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەبینی؟**

- بە بۆچوونی من بینەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژئاوا نییە، بەڵکو بینەری هەمەڕەنگ هەیە، کە هەمیشە بەشێکی قبوڵ دەکات و بەشەکەی دیکەی رەت دەکاتەوە، هەندێ بینەریش هەیە لای گرنگ نییە سینەما چۆن و بە چ ئاراستەیەك هەنگاودەنێت، بەڵام سینەما کارێکی جیهانییەو لە هەموو کۆمەڵگەیەدا هەیە، لە هەر وڵاتێکدا سینەما بەشێکە لە پەروەردە و رۆشنبیریی ئەو وڵاتە، بەڵام سینەما لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا وەکو بەشێك لە دابینکردنی بژێوی ژیان سەیر دەکرێت، ئەمەش وایکردووە هەنگاوی مەزن نەبڕێت.

*** لە نێو سینەمای عەرەبی، سینەمای مەغریبی بە سینەمایەکی وروژێنەر ناوی دەرکردووە، ئایا لەم بوارە توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

- سینەمای مەغریبی وەکو هەموو سینەماکانی وڵاتانی عەرەبی، ئەم تۆمەتانەیان رووبەڕوو دەکرێتەوە، کە بۆ ئەوەی زیاتر بینەر کۆبکاتەوە گرنگی بە دیمەنی وروژێنەر دەدات، راستە لە فیلمەکانی مەغریبی دیمەنی وروژێنەر هەیە، بەڵام ئەمە لە چوارچێوەی کارێکی سینەماییدایە، رەنگە لەلای هەندێ لە نەتەوەو وڵاتانی دیکەوە ئەمە قبوڵ نەبێت و لەلایەی هەندێکی دیکە قبوڵ بێت و لەلایەن جەماوەریشەوە پێشوازییەکی باشی لێ بکرێت، ئەگەر بەراوردێك لە نێوان سینەمای مەغریبی و سینەمای عەرەبیدا بکەین، ئەوا دەبینین سینەمای عەرەبی زۆر کۆنە و سینەمای مەغریبی تازە هاتووەتە نێو مەیدانی هونەرەوە، بۆیە رەنگە ئەمەش کاریگەریی



بەسەر سینەمای مەغریبییەوە هەبێت، بەڵام ئێستا سینەمای مەغریبی زۆر بەهێزەو لە جیهاندا کێبڕکێی بەهێز دەکات و بە بوێری دەست بۆ هەموو بابەتێکی هەستیاری نێو کۆمەڵگە دەبات.

*** ئەگەر گەنج ببیتەوە جارێکی دیکە هونەری نواندن هەڵدەبژێریتەوە؟**

- هیچ کات لە کاری هونەری و نواندن پەشیمان نیم، چونکە هونەری نواندن خەون و هیوای من بووە و هونەرێکی بەهێز و پڕ جەماوەرە، هەڵبژاردنی کاری نواندن بە رێکەوت نەبووە، بەڵکو سووربوونی خۆم بووە لەسەر ئەوەی کە ئەو کارەی خۆشم دەوێت، دەبێت بەدەستی بهێنم، لە چەندین چالاکیی قوتابخانە و چالاکییە هونەرییەکانی دیکە بەشداریم دەکرد، بەرای من نواندن و هونەر بە گشتی گەڕانە بەدوای خۆشبەختی و شادومانیدا، هیچ کات نواندن منی مەغروور نەکردووە، بەڵکو خووگری کردووم و بەبێ نواندن ناژیم، چونکە هەر تەنیا هونەرە بەراستگۆیی و بەبێ میکاژ خۆی نمایش دەکات.

*** ئایا روئیای کۆمەڵگە بۆ هونەرمەندانی ئافرەت گۆڕاوە؟**

- یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مەغریبی ئەوەیە، کە زۆر رێز لە هونەرمەندان دەگرێت، چونکە کۆمەڵگەی مەغریبی پێی وایە لەرێگەی هونەرەوە دەتوانێت هەموو خەم و ئازارەکان بە راستگۆیی بگوازێتەوە، چونکە هونەرمەند زمانحاڵی کۆمەڵگەیە، بەتایبەت هونەرمەندانی کچ، کە وەکو ئایکۆن لەلایەن کۆمەڵگەوە سەیری دەکرێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە هەندێ کەس لە کۆمەڵگەدا بە چاوێکی سووك سەیری هونەرمەندانی ژن دەکەن، هەندێ لەو هونەرمەندانەی ژنیش هۆکاربوون بۆ ئەوەی بە سوکی سەیری هونەرمەندانی ژن بکرێت، بەڵام بەگشتی بۆچوونی کۆمەڵگەی مەغریبی زۆر ئیجابیەو جێگەی باوەڕە.

*** ئایا کێبڕکێ و ململانێ لە نێوان هونەرمەندانی کچ لە مەغریب هەیە؟**

- نابێت هیچ کات ململانێ لە نێوان هونەرمەندان هەبێت، دەبێت رێزگرتن و خۆشەویستی کۆیان بکاتەوە، بەڵام پێویستە کێبڕکێی بۆ ئەنجامدانی باشترین کار هەبێت، خۆشبەختانە من کێشەم لەگەڵ هیچ کام لە هونەرمەندانی دیکە نییە، پەیوەندییەکی زۆر باشم لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندانەکانم هەیە.

*** نەوەی نوێ چۆن رێز لە هونەرمەندانی دێرین دەگرن؟**

- هەموو کورێك باوکێکی هەیە، بۆیە هەمیشە هونەری مەغریبی و عەرەبی لە باوکەوە بۆ کوڕەکە ماوەتەوە و پشتاوپشت هونەرەکەی گواستۆتەوە، بۆیە هەمیشە شانازی بە مێژوو فەرهەنگی خۆمان دەکەین و نەوەکانیشمان ئەو خۆشەویستییەیان بۆ هونەرەکەیان هەیە و بەرێزەوە دەڕواننە رابردووی هونەری وڵاتەکەیان، هەرچەندە هەندێك لە گەنجەکان روویان لە هونەری وڵاتەکەیان کردووە، بەڵام هەمیشە هونەری مەغریبی بە بەرزی دەمێنێتەوە و مێژوو و فەرهەنگی خۆی دەپارێزێت.

*** بە رای ئێوە هونەرمەند چۆن دەتوانێت ببێتە ئاوێنەی جەماوەر و هەوادارانی؟**

- بێگومان هەمیشە هونەرمەند، ئاوێنەی کۆمەڵگە بووە، دەبێ هونەر ببێتە پردێك بۆ گواستنەوەی هەموو کێشە و گیروگرفتەکانی نێو کۆمەڵگە و چارەسەرەکەش نیشان بدات، هونەر دەتوانێت لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لە نێو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە، هونەر راستییەکانی نێو کۆمەڵگە وەکو خۆی دەگەیەنێت، هەمیشە هونەرمەندیش موڵکی خەڵك و جەماوەر بووە.

*** ئایا هونەر پێناسەی پێداویستییەکانی جەماوەرەکەی دەکات؟ ئەی ئەو کێشەو گیروگرفتانەی کە رووبەڕووی هونەرمەندان دەبنەوە چین؟**

- هونەر تاکە چەکی هونەرمەندانە، کە هەموو بڕوا و متمانەیەکی خۆیان لە رێگەی هونەرەوە پێشکەش بە هەوادارەکانیان دەکەن، بەڵام بەداخەوە ئێمەی هونەرمەندان نەمانتوانیوە هەوادارانی خۆمان بە کاری هونەریی جوان تێر بکەین، بۆیە جەماوەرکەمان بۆ ئەوەی چێژ لە کاری جوان ببینێت روو لە بەرهەمی بیانی دەکات، کاری زۆر لاواز بەرهەمهاتووە، کە جەماوەرەکەی تۆراندووە، ئەمەش بۆ ئێمەی هونەرمەند ناخۆشە و هەست بەو بۆشاییە دەکەین کە، کەوتووەتە نێوان هونەرمەندان و جەماوەر لە مەغریب.

*** کەواتە سینەمای مەغریبی توانیویەتی پەیامی خۆی بە بینەران و هۆگرانی سینەما بگەیەنێت؟**

- هونەری عەرەبی بەگشتی ئێستا هەوڵدەدات بەشێوەیەکی گشتی کارەکانی بە باشی و بە هەمەڕەنگی بەڕێوە ببات، بەڵام بەربەست و کێشەی زۆر رووبەڕووی دەبێتەوە، بەرهەمی زۆر کەم بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش بینەری سینەما رازی ناکات، بۆیە رۆژ لەدوای رۆژ هۆڵی سینەماکان لە مەغریب بەرەو چۆڵبوون دەڕۆن، چونکە لەلایەن دەوڵەتەوە سینەما فەرامۆشکراوە و بینەریش بەردەوام بەدوای فیلمی باش و کوالێت بەرزدا دەگەڕێت، ئەگەر لە فیلمی مەغریبیدا ئەوە بەدی نەکات روو دەکاتە سینەمای بیانی.





## سەلما حایک

# ستایشی ئەنجلینا دەکات

فیلمی «Eternals» بۆ یەکەم جار هەر یەکە لە خانمانی ئەکتەری ناسراوی هۆلیوۆد (ئەنجلینا جۆلی، کۆمیلی نانجانی و سەلما حایك) کۆ دەکاتەوە، ئەمەش یەکەم جارە کە ئەم سێ ئەکتەرە لە کارێکی هونەریی هاوبەشدا بەشداری بکەن، بەشێکی فیلمەکە لە ئیسپانیا تۆمار کراوە و هەر یەکە لە ریچارد ماددن، کیت هارینگتون، لۆرین ریدلۆف، بریان تایری هینری، لیا ماکهۆ و دۆن لی شات بەشداریی لە فیلمەکەدا دەکەن.

لەم رووەوە سەلما حایك خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی و بەر لە دەستکردن بە وێنەگرتنی فیلمەکە لە سۆشیال میدیا نووسیبووی: «من زۆر خۆشحاڵم بۆ ئەم کارە کە دە هێندەی جارانی ئاسایی خۆم ماندوو دەکەم، چونکە ئێمە دەزانین ئەو ئەرکەی چاوەڕوانمان دەکات زۆر قورسە و ئەو کەسانە شایەنی ئەوەن خۆتیان بۆ ماندوو بکەی، هەموومان بڕیارمان داوە بە جددی کار بکەین و مەشقی زۆر ئەنجام بدەین، بۆ ئەم کارە هەست بە جۆش و خرۆشێکی زۆر دەکەم.»

دوای تەواوبوونی کارەکە سەلما لە تویتەر نووسیبووی: «سوپاس بۆ خودا کارەکانمان زۆر باش بوون و سەرکەوتنێکی چاوەڕوان کراومان بە دەستهێنا، سەرەتا کەمێك ترسم هەبوو و وام دەزانی تەنیا لەگەڵ چەند کەسێك کار دەکەم کە رۆڵی کەسانی بۆشایی ئاسمان دەبینن، بەڵام بۆم دەرکەوت کە لەگەڵ چەند کەسانێکی زۆر نایاب و هاوڕێییانی بێ وێنە کار دەکەم.»





# ٥٠سەنت هێرش دەکاتە سەر ئۆپیرا

ئەستێرەی ناسراوی ئەمریکی (٥٠ سەنت) هێرشی کردە سەر خانمە بەرهەمهێنەر و میدیاکاری ناسراوی جیهانی (ئۆپێرا وینڤری) و بە دژایەتیکردنی ئەستێرە رەشپێستەکانی تاوانبار کرد.

٥٠سەنت رایگەیاند: ئۆپێرا زیاد لە پێویست گرنگی بە کەیسەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ئەستێرە رەشپێستەکان و ئەوانەی بە رەچەڵەك ئەفریقین دەدات و لە بەرنامەکانیدا تیشکیان دەخاتە سەر.

ئەو ئەستێرە ناسراوە باس لەوەش دەکات کە تەنیا رەشپێستەکان دەستدرێژییان ناکرێتە سەر و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەو تیشك خستنە سەر رەش پێستەکان وا دەکات کە هەست بە زوڵم بکەن و خۆیان لاواز ببینن، لە کاتێکدا هونەرمەندانی دیکەش دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و رووبەڕووی توندوتیژیی سێکسی دەبنەوە و هەر خۆیشیان بەردەوام لە دەزگاکانی راگەیاندن باسی دەکەن، بۆیە وەك هونەرمەندێك داوا لە خاتوو ئۆپێرا دەکەم کە لە بەرنامەکانیدا هەوڵی چارەسەرکردن و نەهێشتنی ئەم دیاردانە بدات، نەك بەم شێوەیە باس لە هونەرمەندە رەشپێستەکان بکات»، هەروەها باسی لەوەش کرد کە دوور نییە هونەرمەندانی دیکە گلەیی لە ئۆپیرا بکەن و بەوە تۆمەتباری بکەن کە زیاتر گرنگی بە رەشپێستەکان دەدات و ئەوانی دیکەی پشتگوێ خستووە.»

ئەم رەخنانەی ٥٠ سەنت لە ئۆپێرا دوای پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی دیکۆمێنتاری بە ناوی (Leav-ing Neverland) هات، کە تێیدا دیمانەیەکی لەگەڵ واید رۆبسۆن و جیمس سایڤتشاك کرد و باسیان لە دەستدرێژی سێکسی لەلایەن ما یکل جا کسۆ نە و ە.



## جنێڤەرلۆپێز:
# دایکم هۆکاری سەرکەوتنەکانمە

بەر لە چەند رۆژێك خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژ جنیڤەر لۆپێز ئاهەنگی ٧٤ساڵەی لە دایکبوونی دایکی گێڕا و ڤیدیۆی ئاهەنگەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئەنستاگرام بڵاو کردەوە.

لە ڤیدیۆکەدا لەگەڵ گوادەلۆپێی دایکی لەسەر سەکۆی ئاهەنگەکە بەرامبەر بە ئامادەبووان راوەستا بوون، جنێڤەر لەکاتی سەماکردن لەسەر سەکۆ بە پێکەنینەوە وتی: «دایکم هاوکاریی زۆری کردم، ئەو هێزی وزە و سەماکردنم پێ دەبەخشێت.»

لەگەڵ ڤیدیۆ بڵاوکراوەکەیدا جنێڤەر کۆمێنتێکی نووسیبوو و تێیدا دەڵێ: «دایکم لە هەموو سەردەمەکاندا گوزارشت لە گیانی گەنجێتی دەکات و ئەو فێری خۆشەویستی و خۆشگوزەرانیی کردم، خۆشەویستیی منی بۆ گۆرانی و مۆسیقا و سینەما و مێژوو و شانۆگەریی گۆرانی پتەوتر کرد، دایکم رۆڵێکی سەرەکیی هەبووە لە ژیانی مندا، ئەو نەبووایە من بەم رۆژە نەدەگەیشتم».

هەر لە ئاهەنگەکەدا جنێڤەر رووی لە دایکی کرد و وتی: «تۆ ئێستا تەمەنت ٧٤ساڵە، ئێستا لە هەموو کاتەکانی رابردوو جوانتری، ئێستاش وەك نەوجەوانێك سەما دەکەی، من ناتوانم بە چەند رستە و وشەیەك وەسفی تۆ بکەم، بۆ هەمیشە خۆشم دەوێی، هەوو ساڵێکت بە خۆشی.